Copyright © Open access article with CC BY-NC-ND 4.0

# ئەنفال و جینۆساید لە روانگەی «شەریعەت» و «یاسا»وە

**م.د. عمر جمعه محمود البرزنجی**

**کۆلێژی زانستە ئیسلامییەکان- زانکۆی سلێمانی**

omer.mahmood@univsul.edu.iq

**پوختـە**

دیـارە جینۆسـاید و ئەنفـال لـە سـەر ئاسـتی فکـری ، سیاسـی و کەلتـوری و ئاینـی ،دواجاریـش لـە ڕوی شـەریعەت و یاسـاییەوە مشـتومڕێکی زۆر بـەدوای خۆیـدا دەهێنێـت ، سـەرەڕای تێپەڕبونـی ٣٣ سـاڵ بەسـەر قۆناغەکانـی جینۆسـایدی کـورد (ئەنفـال ) لەلایـەن ڕژێمـی بەعسـی فاشـی و دامودەزگاکانیـەوە تـا ئێسـتا ئێمـە وەک نەتـەوەی کـورد لەلایـەن ناوەندەکانـی ئەکادیمـی و لێکۆڵەرەوەکانـەوە جینۆسـاید و (ئەنفـال ) ی گەلـی کـورد بـە باشـی شـی نەکراوەتـەوە بـە هەرهۆیـەک بێـت ، هەرچەنـدە لێـرە و لـەوێ هـەوڵ هـە بـووە بـەڵام لـە ئاسـتی گەورەیـی ئـەو تاوانـە نەبـووە ، بۆیـە هەوڵـدەدەم لـەم توێژینەوەیـەدا تیشـک بخەمـە سـەر چەنـد لایەنێکـی جینۆسـاید ( ئەنفـال ) ، و توێژینەوەکـەم بـەم شـێوەیە دابەشـکردووە بـۆ چەنـد بەشـێک : بەشـی یەکـەم تایبەتـە بـە چەمکـی جینۆسـاید لـە ڕووی زمانەوانـی و یاسـاییەوە .بەشـی دووەم بـاس بـە چەمکـی ئەنفـال دەکات لـە ڕووی زمانەوانـی و شـەریعەت و یاسـایی وە بەشـی سـێهەم تایبەتـە بـە سـەرهەڵدان و ناسـاندنی کۆمەڵکـوژی (جینۆسـاید ) لـە یاسـای نێودەوڵەتـی دا. لـە بەشـی چوارەمـدا تیشـک دەخەینـە سـەر ڕەهەندەکانـی جینۆسـاید و ئەنفالـی کـورد بـە هەرسـێ لایەنـی فەلسـەفەی فکـری و لایەنـی ڕامیـاری و لایەنـی کۆمەڵایەتیـەوە بەشـی پێنجـەم تایبەتـە بـە قۆناغەکانـی ئەنفـال و جینۆسـایدکردنی کـورد و بەشـی شەشـەم و کۆتایـی پێکهاتـوە لـە باسـکردنی ئەنفـال لـە ڕوانگـەی ئاینـەوە پاڵپشـت بـە ئایەتـی [يَسْـأَلُونَكَ عَـنِ الْأَنفَـالِ ۖ قُـلِ الْأَنفَـالُ لِلَّـهِ وَالرَّسُـولِ ۖ فَاتَّقُـوا اللَّـهَ وَأَصْلِحُـوا ذَاتَ بَيْنِكُـمْ ۖ وَأَطِيعُـوا اللَّـهَ وَرَسُـولَهُ إِن كُنتُـم مُّؤْمِنِـينَ]

**کلییلە وشەکان: کورد , جینۆساید ، ئەنفال، شەریعەتی ئیسلام**

Recieved: 10/8/2024
Accepted: 26/9/2024

## پێشەكیی

ئەنفال زامێكی قوڵە لە جەستەو ڕووحی كوردا بەڵام ئایا چ هەوڵێک دراوە بۆ ناساندنی ئەنفال وەكو تاوانێكی جینۆساید و چی كراوە بۆ قوربانیانی ئەنفال و بۆ سارێژكردنی ئەو برینە قوڵە لە جەستەو ڕووحی هەموانـدا. ئاشكرایە پاش ئەوەی ڕژێمی بەعس بۆی دەركەوت گەلی كورد لە ڕێگەی بەعەرەبكردن و بە بەعسی كردن و ڕاگواستن واز لە بزوتنەوەی سیاسی مافخوازانەی خۆی ناهێنێت لە شاڵاوێكی قڕكردنی بەكۆمەڵدا و لەژێر ناوی ئەنفال پرۆسەیەكی جینۆسایدی دەستپێكرد بۆ ئەوەی لە ڕووی جەستەیی و مادەییەوە كورد بە تەواوەتی لە ناو ببات, شاڵاوەكانی ئەنفال وەک تێكەڵەیەک لە هزری ئاینی سونەگەرایی دەسەڵات خواز و قەوم پەرستی عەرەبی هەوڵیدا كورد وەک نەتەوەیەک لەسەر خاک و زێدی خۆی هەڵكەنێت بە پشت بەستن بە پێشكەوتووترین چەک و ئیمكانیاتی دەوڵەت لەو كاتەدا بە دەیان و سەدان هەزاران كەس لە بیابانەكانی باشووری عێراقدا زیندە بەچاڵ بكات پاش ڕووخانی ڕژێمی بەعس و هاتنە سەركاری سیستەمێكی نوێ لە عێراق دادگای باڵای تاوانەكانی عێراق هەوڵیدا بەشێک لەو تاوانبارانە كە لەم پرۆسەیەدا بەشداربوون بە سزا بگەیەنێت بەڵام دیسان ئەم كارەساتە گەورەیە وەک ئەوەی لە مێژوودا ڕوویدابوو نەیتوانی ببێتە سەكۆیەكی بەهێز بۆ دەركەوتنی كورد لە جیهان و ڕەوابوونی مافەكانی.

بۆیە لێرەدا ئەگەر باسێكی ئەنفال بكەین دەردەكەوێت ئەنفال بە قووڵای سایكۆلۆجیای تاكی كوردا هاتۆتە خوارەوە زۆرجاریش باسی ئەنفال دەكەین دەیبەستینەوە بە مێژوو لێرەدا پرسیارێک درووست دەبێت ئایا ئەنفال لە مێژووی ئیسلامدا سەری هەڵداوە یاخود لە قووڵایی مێژوودا پێش ئیسلام و ئاینەكان هەروا بووە؟ ئەنفال هەڵبەتە سەرچاوەیەكی هەیە لە ئاینی ئیسلامدا كە ئەویش سورەتی (ئەنفال) ە

### یەكەم : چەمكی جینۆساید لە ڕووی زمانەوانی و یاساییەوە .

جینۆساید تاوانێكی نەخشە بۆ كێشراوە بۆ ئەنجامدانی سیاسەتێک دیاریكراو كە كەسترۆكتۆری هاوبەش و باوی بۆونی كۆمەڵە مرۆڤێک تەفروتونا دەكات و لە ناویان دەبات زۆرجاریش كۆمەڵكوژیی لە دژی خەبات لە پێناوی دیاری كردنی چارەنوسدا ڕوودەدات (١) .

لێرەدا دەبێت بپرسین ئاخۆ جینۆساید چییە ؟

پەیوەندی جینۆساید بە كارەساتی كۆمەڵكوژی ئەنفالەوە چییە ؟

جۆرەكانی جینۆساید كامانەن ؟

جینۆساید : وشەیەكی لاتینیە و لە زمانی یاسای سیاسەتدا بەكاردەهێنرێت ، تاوانێكی نێودەوڵەتیە و بە واتای گەل كوژی یان ڕەگەز كوژی دێت (٢).

ئەم وشەیە بۆ یەكەم جار لە ساڵی ١٩٣٣ دا لە كۆنفراسی مەدرید لە لایەن دادوەر و لێكۆڵەرەوەیەكی جولەكەی بە ڕەگەز پۆڵەندی بە ناوی ( ڕافایل لیمكن ) كە دواتر بووە بە ڕاوێژكار لە وەزارەتی بەرگری ئەمریكا بەكارهێنراوە، ناوبراو تەواوی خێزانەكەی لە ساڵانی جەنگی دووەمی جیهانی بە دەستی نازیكان قڕكران ، لیمكن لە ساڵی ١٩٤٤ جارێكی دیكە ئەم چەمكەی لە كتێبەكەیدا بە ناونیشانی یاسای میحوەری لە داگیركردنی ئەوروپادا ) بەكارهێناوەتەوە ، تا ئەو كاتە ئەم وشەیە لە هیچ فەرهەنگێكدا نەبووە .(٣)

جینۆساید لە ڕووی زمانەوانییەوە لە بنەڕەتدا لە دوو برگە پێک هاتووە :

Genos : وشەیەكی گریكی یۆنانیە بە واتای ڕەگەز یان بنچە

Cide : ی یۆنانیی ، scaedereی لاتینی واتلی كوشتن ، یان فەوتاندن دەگەیەنێت

بەسەریەکەوە ، مانای کوشتنی رەگەزی مرۆڤ دەبەخشێت و لە چەمک و مانایدا هەڵگر یاخود مەبەستی کوشتنی بە کۆمەڵ ، یان قڕکردنە.

وشەی جینۆساید لە فەرهەنگی کوردیدا تازەیە ، لە زمانی کوردیدا بەمانی قڕقڕان دێت ، بەڵام لەبەرئەوەی لە ڕوی زانستیەوە مانای جینۆساید فراوانتر و سەنگین ترە ، باشتر وایە هەر چەمکی جینۆساید بەکار بێنین .(٤)

کەواتە جینۆساید واتە لەناوبردن و سڕینەوەی لە ڕەگ و ڕیشەی گروپێک ، یان کۆمەڵێک خەڵکی دیاریکراو دەگرێتەوە ، کەئەمەش هەموو ئەو تاوانانە دەگرێتەوە کە دژی مرۆڤایەتی بێت ، ئەمەش تەنها کوشتنی جەستەیی ناگرێتەوە بەڵکو ئازاردان و ڕاگواستن و دورخستنەوە و تیرۆر یش دەگرێتەوە .

وەکو لە ڕێکەوتن نامەی نەتەوە یەکگرتەوەکان بۆ قەدەغەکردنی جینۆساید لە ٩ / کانونی دووەمی ١٩٤٨/ مۆرکراوە ، تێیداهاتووە کە جینۆساید بریتیە لەو کارانەی بە مەبەستی تێکدان و هەڵتەکاندنی گشتی یان بەش بەش ئەنجام بدرێت دژ بە کۆمەڵێکی نەتەوەیی ، ئەتنیکی ، نەژادی ، ئاینی ....هتد(٥)

دووەم : چەمکی ئەنفال لە ڕووی زمانەوانی و شەریعەت و یاسایی .

**١. ئەنفال وەکو ڕیشەی زمان و مەدلول**

ئەنفال وشەیەکی عەرەبییە( کۆی (نفل) وەرگیراوە، ( واتای زیاد ) لە ئەندازەی پێویستی هەر شتێك ( هەر بۆیە عەرەبەکان بە نەوە و شەرعناسەکانیش بە نوێژە سوننەتەککان دەڵێن: (نافلة).(٦)

بە هەرحاڵ (نفل) بۆ هەر شتێك دەگوترێت، کە مرۆڤ بەدەستی بهێنێت، لەم ڕووەوە شاعیری تەمەندرێژی عەرەب (لەبیدی کوڕی ڕەبیعە) لە شیعرێکدا گوتوویەتی:

( إن تقوى ربنا خير نفل     و بإذن الله ريثي و العجل )

**٢-ئەنفال لە زاراوەدا :**

مانای زمانەوانی ئەنفال، وادیارە لەناو عەرەبەکاندا گوێزراوەتەوە بۆ دەلالەت لەسەرئەو شتومەک و دەستکەوتانەی لە پێگەی جەنگ و کوشتارەوە دەستی جەنگاوەران دەکەوێت، چونکە عەرەبەکانی پێش ئیسلامیش (ئەنفال)یان بەهەمان مەبەست بەکارهێناوە، بۆ نموونە عەنتەرەی کوڕی شەداد لە شێعرێکدا دەڵێت:

( انا إ ذا احمى الوغى نروى القنا

و نعف عند مقاسم الانفال )

پێدەچێت زانایانی مەزهەبی سوننی ، لە هەموو جێیەك ( ئەنفال ) یان بە دەستکەوتی شەڕ واتا ( غەنیمەت ) مانا کردبێت(٧) ، بەڵام فقیهەکانی مەوهەبی شیعە ، ( ئەنفال ) یان بە جۆرێکی تر لێکداوەتەوە ، ئەوان گوتوویانە: چەمکێکی فراوانتر لە دەستکەوتی جەنگی هەیە ، بریتیە لە :

١. ئەو زەویانەی بەبێ شەڕ دەستکەوتوون ( فيء)

٢. زەوی بایر ( الموات )

٣. دارستانەکان

٤. ( صوافی ) واتە ئەو زەوی و زار و موڵکانەی کە خاوەنەکانیان مردوون و میراتگریان نیە ، هەروەها ئەو زەوی و زارەی سوڵتان جیای دەکاتەوە بۆ دەست و پێوەندەکانی )٨)

٥. میراتی بێ میراتگر
٦. ئەقتاعی

پاشان بەم جۆرە بۆچوونە (فیء) و ( ئەنفال ) یەکێکن و هەردوویان وان لە بەرامبەر ( غەنیمەت ) ەوە .
(ئەنفال) دراوەتە دەستی پێغەمبەر (درووودی خوای لەسەر بێت ) و دوای ئەویش بە بڕیاری ئیمام دەستکاری دەکرێت تەنها لە کاتی نادیاربوونی ئیمامدا شیعەکان لەباتی ئەو تەسەرووفی تێدا دەکەن و لە بەرژەوەندی گشتیدا بەکاری دەهێنن.(٩)

کەواتە ئەگەر بۆچوونی مەزاهیبی سوننی» وەربگرین ( ئەنفال ) چەمکێك نییە ئاینی ئیسلام دایهێنابێت و چەسپاندبێتی بەسەر کۆمەڵگەی عەرەبیدا، چونکە لەمێژزەمانەوە مرۆڤەکان، هۆزەکان و دەسەڵاتەکان، پێکەوە جەنگیون و یەکتریان تاڵانکردووە، تەنها ئەوەندە هەیە ئیسلام سنوور و یاسا و ڕێسای دیاریکراوی بۆ داناوە.

بەپێچەوانەوە ئەگەر بۆچوونی دووەم وەربگرین، (ئەنفال) چەمکێکی جیاواز لە چەمکی دەستکەوت وەردەگرێت و دەبێتە هەندێك لەو سەرچاوە و دەرامەتە سروشتییانەی موڵکی گشتی دەوڵەتن و کەس بۆی نییە نیەتی موڵکایەتییان لێ بهێنێت.

## ٢.چەمکی ئەنفال لە یاسادا :

ئەنجومەنی ئاسایشی گشتی سەر بە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە بەرامبەر کارەساتەکانی جەنگی دووەمی جیهانیدا لەو ڕێکەوتنامەیەدا کە لە ١١ ی سێپتەمبەری ١٩٤٦ بڵاویکردووەتەوە ڕای گەیاندووە
جینۆساید لە یاسای نێودەوڵەتیدا تاوانە ، بە پێچەوانەی پشتگیری و پێداگرییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان ، هەروەها لە لایەن جیهانی شارستانیەوە ریسواکراوە (١٠)
لە ماددەی دووەمی پەیمانامەکەدا هاتووە ((قەدەغەکردنی تاوانی جینۆساید و سزادانی ئەنجامدەرانی ، کە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لە ١٩٤٨/١٢/٢٩ دا پەسەندی کردووە هاتووە :» بە مەبەست لە ناوبردنی گشت یاخود بەشێکی دانیشتوانە بە هۆی جیاکاری ڕەگەزی ، نەتەوایەتی ، ئاینی یاخود ئیتنکی لێرەدا دەردەکەوێت دەبێت مەبەستی قڕکردن سەرجەمی یاخود بەشێکی کۆمەڵە مرۆڤێک هەبێت بۆ ئەوەی بتوانرێت جینۆساید لە تاوانەکانی دیکە جیابکاتەوە (١١)
دواجاریش پەیماننامەکە لە ١٢/کانونی یەکەم /١٩٥١ چووە بواری جێبەجێکردنەوە (١٢)
و لە پەیماننامەی پێشگرتن و سزادانی تاوانکاری جینۆساید هاتووە کە لە ٩/دیسەمبەری ١٩٤٨ لە لایەن کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتوەکانەوە هاتووە وەک بڕیارێکی تایبەت بە ژمارە ٢٦٠ بڵاوکراوەتەوە ، دەتوانین بڵێین کۆی تاوانەکانی دژ بە گەلی کورد وەک ئەنفال کیمیابارانی هەڵەبجە ، فەیلیەکان ، ڕاگواستن ....هتد بە جینۆساید بناسێنین(١٣)

جۆری تاوانەکان کە دەکرێت بە جینۆ ساید بناسرێنن ، وەک لە بەندی دووەمی پەیماننامەکەی ساڵی ١٩٤٨ دیاریکراوە ئەمانەن :

١. کوشتنی ئەندامانی گروپێک
٢. زیان گەیاندنی لە ڕادەبەدەری جەستەیی و روحی بە ئەندامانی گروپێک بە ئەنقەست بە شێوەیەکی پلان بۆ دانراو گروپەکە ناچار و سنوردار بکرێت تا دوچاری وێرانی فیزیکی گشتی یاخود لاوەکی بکرێت .

٣. تەگەرە خستنە بەر منداڵ بوون لە نێو ئەو کۆمەڵەدا .

٤. بە زۆر ڕاگواستنی منداڵ لەو کۆمەڵەوە بۆ کۆمەڵێکی دیکە(١٤).

سێیەم: سەرهەڵدان و ناساندنی کۆمەڵکوژی جینۆساید لە یاسای نێودەوڵەتیدا:

جینۆساید تا ساڵی ١٩٤٤ تاوانێک بوو بە بێ ناو,هەربۆیە جینۆساید چەمکێکی نوێیە بۆ تاوانێکی کۆن.

بـۆ یەکەمیـن جـار کۆمەڵـەی گشـتی نەتـەوە یەکگرتـووەکان لـە ڕۆژی ١٩٤٨/١٢/١١ بڕیـاری ژمـارە١/٩٦ دەرکرد,تێیـدا جینۆسـایدی بـە تاوانێـک دانـا لـە یاسـای نێودەوڵەتیـدا, وە لـە بڕیارەکـەدا هاتـووە جینۆسـاید نکۆڵـی کردنـە لـە مافەکانـی تـاک و کۆمـەڵ وە دژی ڕەوشـتی یاسـاو ئامانـج و گیانـی نەتـەوە یەکگرتووەکانـە, وە هەروەهـا تاوانێکـی هـزر و ویـژدان هەژێنـە وە دەبێتـە هـۆی لەدەسـتدانی گـەورەی مرۆڤایەتـی و جیهانـی شارسـتانی, ئـەوەی شـایەنی باسـە پـاش تێپەڕبوونـی دوو سـاڵ ئـەم بڕیـارەی کۆمەڵـەی نەتـەوە یەکگرتـووەکان لـە ڕۆژی ١٩٤٨/١٢/٩ بـە بڕیـاری ژمـارە (٢٦٠) لـەو ڕێکەوتننامەیـە قەدەغەکردنـی جینۆسـاید و سـزای خسـتنە سـەر تاوانکارانـی لـە شـاری پاریـس بـۆ یەکەمیـن جـار جینۆسـاید بـەە بـە یاسـا وە ئـەم ڕێکەوتننامەیـە لـە (١٩) مـادە پێکهاتـووە وە لـە ١٩٥١/١/١٢ وە کاری پێدەکرێـت وە ١٤٧ دەوڵـەت لـە ئێسـتادا تێیـدا ئەندامـن(١٥)

وە هەروەهـا دەسـتوری یاسـای نورنبێـرگ کـە لـە (٣٠) بەنـد پێکهاتـووە لـە بەنـدی شەشـەمیدا تاوانـی نێونەتەوەیـی بـەم جـۆرە دیـاری دەکات

١. تاوان لە دژی ئاشتی کە بریتین لەم کارانە:

نەخشەکێشـان , دابینکردنـی کەرەسـتەی شـەڕ و خۆئامادەکـردن یـان دەسـت پێکردنـی شـەڕ یـان هـەر شـەڕێک کـە پەیماننامـە و ڕێکەوتننامـە وە ڕاگەیاندەکانـی نێـوان دەوڵەتـان بشـکێنێت, یـان بەشـداربوون لـەو نەخشـەو پلانانـەی کـە مەبەسـتی ئەنجامدانـی ئـەو کارانـەن

٢- تاوان لە دژی مرۆڤایەتی : کە بریتین لەم کارانە:

کوشـتن-کۆمەڵکوژی ,ئازاردان,ڕاگواسـتن, دورخسـتنەوە,کۆیلەکردن,تیرۆر و تۆقانـدن, گرتـن و چەوسـاندنەوە لەبـەر هـۆی سیاسـی یـان ئایینـی یـان ڕەگـەز, جـا بەشـێوەی کۆمـەڵ یـان تـاک بێـت.

٣-تاوانی جەنگ, کە بریتین لە:

شـکاندنی یاسـاکانی جەنـگ, تـاوان لـە دژی خەڵکانـی مەدەنـی لـە کاتـی شـەڕدا بـە تایبەتـی ئـەو تاوانانـەی لـە ڕێکەوتنامـە نێودەوڵەتیەکانـدا دیـاری کـراون,وەک : ڕێکەوتنامەکانـی لاهـای ١٨٩٩ وە ڕێکەوتنامەکانـی ژنێف ١٩٤٩ وە هـەردوو پرۆتۆکۆڵی پاشـبەندی سـاڵی ١٩٧٧ ...هتد(١٦).

وە ئـەوەی شـایەنی باسـە کـە لـە سـاڵی ١٩٤٨ نەتـەوە یەکگرتـوەکان ڕەزامەنـدی هەمـوو ئەندامەکانـی بەدەسـت هێنـاوە بـۆ وەسـتانەوە و دژایەتـی جینۆسـایدی گـەلان.

وە لە ساڵی ١٩٥١ خرایە بواری پراکتیکەوە , بوە جێی سەرنجی وڵاتێکی خاوەن بەرژەوەندی و زلهێز وەک ئەمەریکا وە لـە سـاڵی ١٩٨٨ ڕەزامەنـدی نوانـد و واژوی لەسـەر ئەنـدام بـوون لـەم پەیماننامەیـە کـرد, بـۆ زانیـاری زیاتـر عێـڕاق یەکێـک بـوو لـەو وڵاتانـەی واژووی لەسـەر پەیماننامـەی قەدەغەکردنـی جینۆسـایدی نەتـەوە یەکگرتـوەکان کردبـوو واتـە ئەنـدام بـوو.

دیـارە سـەدەی بیسـت بـە سـەدەی تـاوان دژی گـەلان دێتـە ئەژمـار لەبـەر زۆری تـاوان و جینۆسـایدی وڵاتـان بەرامبـەر بـە گەلەکانیـان وە ئەمـەی لای خـوارەوە هەندێـک نموونـەی تۆمارکـراوی ئـەو تاوانـەن لـە مێـژوودا:

١-کۆمەڵ کوژی ئەرمەنەکان لە لایەن تورکیاوە ئەنجام دراوە

٢. -کوشتارگەی ناسراو بە (سربرنیتیشا) کە لەلایەن سربەکانەوە بەرامبەر موسوڵمانانی بۆسنا هاتە ئەنجام

٣. -کۆمەڵکوژی وڵاتی ڕواندا

٤-لەناوبردنی هندیە سورەکان لە لایەن حکومەتی ئەمەریکاوە لەکاتێکدا ئەوان خاوەنی ڕاستەقینەی ئەمریکان

٥-کۆمەڵکەژی دارفۆر لەلایەن حکەمەتی سودانەوە

٦-لەناوبردنی گەلی یابان لەلایەن ئەمریکاوە بە بۆمبی ئەتۆمی بۆسەر شاری هێرۆشیما

ئەوەی دڵخۆشکەرە لەساڵی ٢٠٠٢ دادگای تاوانەکان بوە یەکەم دادگا لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی کە تایبەتە بە کۆمەڵکوژی گەلان و تاوانەکانی جەنگ, بەڵام گرفتی ئەم دادگایە ئەوەیە کە ناتوانێ ئەو کەیسانە دادگایی بکات کە پێش ساڵی ٢٠٠٢ ئەنجام دراوە لەوانە کەیسی ئەنفال و هەڵەبجە(١٧)

چوارەم :ڕەهەندەکانی جینۆساید

جۆرەکانی جینۆساید :

١. جینۆسایدی فیزیکی ، یان جەستەیی (بەدەنی )

کوشتن بە هەر جۆرێک بێت ، لەوانە گوللەباران کردن ، هێرشی سەربازی ، زیندە بەچاڵکردن ،ئیعدامکردن ، بەکارهێنانی چەکی کۆمەڵ کوژ وەکو کیمیایی ، فسفۆر ، بایلۆژی

٢. جینۆسایدی بیۆلۆژی

ئەنجام دەرانی ئەم جۆرە تەگەرە دەخەنە بەردەم ڕێگای گەشەکردن و زیادبوونی نەتەوەیەک یاخود کۆمەڵە خەڵکێک لە ژێر بیانوی جۆراوجۆر دا ئەنجام دەدرێت.

وەک دابڕینی ژن و پیاو و دابەشکردنی خێزانی بۆ ماوەیەکی زۆر یان بە زۆر مناڵ لە باربردن یان پەک خستنی ئەندامانی زاوزێ یان سکپڕکردنی ژنان و هەوڵدان بۆ گۆڕینی ئاکارە مرۆییەکان بۆ مەبەستێکی دیاریکراو .

٣. جینۆسایدی کەلتوری نەتەوەیی :

مەبەست لەم جۆرە جینۆسایدە قەدەغە کردنی زمان و ڕۆشنبیری و شێواندنی مێژوو لە ڕێگەی لە ناوبردنی تایبەتمەندی نەتەوایەتی و نەهێشتنی یەکێتی هاوبەشی نێوان خەڵک ، هەروەها وێرانکردنی شوێنەوارە دێرینەکان وەک ڕوخاندنی پەیکەر و ئەشکەوت و مزگەوت و کڵێسە و هەموو شوێنەوارێک کە پاشماوەی کۆن یان نوێ بێت و بەرهەمی جۆری ژیانی ئەو خەڵکە بێت .

٤. جینۆسایدی ئابوری

ئەمە دەکرێت پێی بوترێت وێرانکاری ئابوری ، واتە وێرانکردنی سامان و سروشت و بەروبومی ناوچەکان ، هەروەها گەمارۆی ئابوری بە مەبەستی برسیکردنی خەڵک ، یان ڕێگە گرتن لە بەرهەمهێنان و خۆراک کە ئەنجامی ترسناکیان هەیە بۆ پاشەرۆژی ئەو کۆمەڵە مرۆڤە .

چ بە زیادبونی نەخۆشی و زیادبونی ڕێژەی مردن یان ناچاربوون بە کۆچ و ڕەوکردن ، کە لە ئەنجام دا ئەو کەلتور و پەیوەندیە خێزانی و کۆمەڵایەتیەی جاران نامێنێ و ڕەنگە ڕەوکردنەکە وابێت کە لە کۆمەڵگەیەکی دیکەدا بە

تێپەڕبونـی رۆژگار ڕابـردووی خۆیـان لـە دەسـت بـدەن ، و بـە تـەواوی لـە مێـژوو و کەلتـوری خۆیـان دابڕێـن .(١٨)

پێنجەم: قۆناغەکانی ئەنفال و جینۆسایدکردنی کورد

قۆناغی یەکەمی قۆناغی ئەنفال: لە ٢/٢٣ تا ١٩٨٨/٣/١٨

شـاڵاوەکانی ڕژێـم بـۆ سـەر ناوچەکانـی دۆڵـی جافایەتـی لـە سـنووری قـەزاو ناحیەکانـی ئەسـتێلی (حـەوزی) جافایەتـی دەگرێتـەوە (دوکان,بنگرد,چوارتا,قەڵاچۆلان,سەرچنار,سـورداش) کـە سـەرجەمیان سـەر بـە سـنووری پارێـزگای سـلێمانی بـوون(١٩)

وە ئامانجـی سـەرەکی ئـەم هێرشـە بـۆ وێرانکـردن و لەناوبردنـی ٢٥-٣٠ گونـدی دۆڵـی جافایەتـی و داگیرکردنـی بـارەگای سـەرکردایەتی ی.ن.ک بـوو 

پێشـڕەوی سـوپای عێـراق وە ئـەو سـەرکردایەتییە لەشـکرییەی لەگەڵیدابـوو لـە (١٨-١٩)١٩٨٨/٢/ بـەرەو ناوچـەی کاری سـەربازی جوڵانـو نەخشـەی جموجوڵـە سـەربازیەکانیش بـەرەو (کۆیژە-ڕێـگار سورداش,دەشـتی مێرگەوکارێـزە) گرتـەوە وە سـوپا ئـەم ناوچـە سـەربازییەی لـە ناوچەکانـی ڕۆژهەڵاتـی هەرێـم جیاکـردەوە وە هێڵـی بـەرەی جموجەڵـی سـەربازی بـە درێژایـی (٤٠میـل) لـە بنگـردی قـەرەداغ ڕۆژهەڵاتـی دەریاچـەی دوکانـەوە بـەرەو شـاری سـلێمانی ,ماوەت,چوارتـا درێژبوویـەوە(٢٠)

ڕژێـم لـەم هێرشـەدا توانایەکـی سـەربازی و دارایـی و ئیعلامـی زۆر گـەورەی بـۆ تەرخـان کردبـوو لەبـەر ئـەوەی وای دانـا کـە لـەم هێرشـەدا سـەرکەوتووبێت ئـەوا بـە ئاسـانی دەتوانێـت لـە قۆنـاغ و ناوچەکانـی تـردا سـەرکەوتووبێت, وە سـەرکردایەتی ئـەم هێرشـەی ئەنفـال (لـواء رکـن سـوڵتان هاشـم ئەحمـەد) فەرمانـدەی فەیلەقـی یـەک و (لـواء رکـن سـاجد عزیـز) فەرمانـدەی فەیلەقـی دوو بـوو وە بـە سەرپەرشـتی ڕاسـتەوخۆی فەریقـی یەکەمـی رکـن (عدنـان خیراللـە گلفـاح) وەزیـری بەرگـری ڕژێـم بـوو.

ئـەوەی شـایەنی باسـە هێـزە بەشـداربووەکانی ئـەم شـاڵاوە بریتیبـوون لـە ٢٠ لـواء ,٦٠ فـەوج و ١٠ فەوجـی سـوک و مەفرەزەی تایبەتـی جگـە لـە دەیـان دەبابـە, ئەمانـە هەموویـان بـە پاڵپشـتی هێـزی ئاسـمانی بـوون وە سـەرەڕای ئـەو هێـزە زەبەڵاحـە ڕژێـم چەکـی کیمیـاوی بەکارهێنـا و ناوچەکـەی بـە خەسـتی بۆردومـان کـرد(٢١)

قۆناغی دووەم / قەرەداغ ٣/٢٢ - ٤/١ ی ١٩٨٨

هەرچەنـدە ڕژێـم لـە قۆناغـی یەکەمـدا لـە گرتنـی ناوچـەی سـەرگەڵوو و بەرگەڵـوو تێچونێکـی مـاددی و مەعنـەوی زۆری بـە خـەرج دا بـە هـۆی سـەختی ناوچەکەیـەوە و بونـی هێـزی پۆڵاینـی پێشـمەرگە ، بـەڵام ڕژێـم سـوور بـوو لـە سـەر بـەردەوام بوونـی بـۆ جێبەجێکردنـی سـەرجەم وردەکاریەکانـی نەخشـەکەی کـە دەبـوو بـە تەواوکـەری سـەرجەم ئامانجەکانـی .

بۆیـە رژێـم لەهـەر قۆناغێکـی ئەنفالـدا هێرشـی سـەرەکی چەقـی جوگرافیـای خـۆی دەگـۆڕی ئـەم هێرشـە بـۆ سـەر ناوچەکانـی ( بازیـان ، قـەرەداغ ، دەربەندیخـان ) کـە سـەر بـە پارێـزگای سـلێمانین .(٢٢)

ئـەم هێرشـەی رژێـم سـەرەتا بۆسـەرناوچەکانی قـەرداغ کە پێکهاتبـوو لـە ناوچەکانـی سـەر حـەوزی قـەرەداغ ، دەربەندیخان ، هەروەهـا ئۆرگانەکانـی زەڕایـەن و هەنـدێ ناوچـەی دیکـەی سـلێمانی وەکـو زرگوێـز ، دارەڕەش ، ئەڵڵایـی لـە هـەردوو ناوچـەی ( ئاڵـی بـزاوا و هالـە سـەروچاوە و قۆشـقایە ..) و هەروەهـا دەربەنـدی بازیـان و چەنـد ناوچەیەکـی نزیکـی چەمچەمـاڵ و هەنـدێ ناوچـەی سـەنگاو و ناوچەکانـی سـەگرمە و جافـەران و هەنـارە کـە سـەرجەمیان حـەوزی قـەرەداغ دەگرێتـەوە (٢٣)

پاشـان هێرشـی زەمینـی و سـوپا و جـاش لـە هەمـوو قۆڵێکـەوە دەسـتی پێکـرد بـە سەرپەرشـتی لـواء رکـن أیـاد خلیـل زەکـی

محمـد البیاتی(٢٤)

وە لـە ئەنجامـی پەلامارەکانـی قۆناغـی دووەمـدا سـەرجەمی گوندەکانـی ناوچەکـە وێـران کـران وە تەنهـا لـە سـنوری قـەرەداغ دا سـەرجەمی گونـدەکان نزیکـەی ٨٠ گونـد دەبـوو وێـران کـران(٢٥).

قۆناغی سێیەم /گەرمیان ٤/٧ - ١٩٨٨/٤/٢٠

ناوچـەی گەرمیـان دەشـتێکی فراوانـە و هاوسـنورە لەگـەڵ ناوچـە عـەرەب نیشـینەکانی عێـراق ، لـە رۆژئـاواوە ڕێـگای دوزخورماتـوو -کرکـوک ، لـە باکورەوە چەمچەمـاڵ - کەرکـوک ، لـە رۆژهەڵاتیـش چیاکانـی قـەرەداغ، لە باشوریشـەوە هەرسـێ شـارۆچکەی کـەلار و کفـری و پێبـازە ، هەروەهـا ناحیـەی قادرکـەرەم چەقـی جوگرافیایەتـی(٢٦)

شاڵاوی ئەنفالی سێ ( گەرمیان ) لە ١٩٨٨/٤/٧ دەستی پێکرد وە لە ٢٠ ی هەمان مانگدا کۆتایی هات .

بـە پێـی هەمـوو سـەرچاوەکان ، ناوچەکانـی ئەنفالـی گەرمیـان زۆرتریـن زەرەر و زیانیـان پێکەوتـووە و زۆرتریـن ژمـارەی بـێ سـەر و شـوێن کـراوەکان لـە چوارچێـوەی سـنوری ئـەم ناوچەیـەدا بـووە، نزیکـەی ٥٠٠ گونـد خاپـوور کـراوە ، وە بـە پێـی ئامارێکـی تـر بـاس لـە سـوتانی ٧٨١ گونـد دەکات (٢٧)

وە لە بەر فراوانی ناوچەکە رژێم بە سێ پلان ئەم پرۆسەیەی ئەنجام دا .

١. پەلامـاری یەکـەم : لـە ڕۆژی ١٩٨٨/٤/٧ پلانـی پەلامـاری دوزخورماتـوو بـۆ باشـوری خۆرئـاوای گەرمیـان دەسـتی پێکـرد ، لـە بەرەبەیانـی رۆژی ٧ ی نیسـان پێشـەنگی هێزەکانـی سـوپا و فەوجەسـەکەکان لـە ناوچـەی دوزخورماتـوو لـە بنکەکانیـان دەرچـەن وە هێزەکانیـان لـەم قۆڵـەوە بۆتـە سـێ بـەش .

- یەکەمیان بۆ باشوری رۆژهەڵاتی شاری نەوجول و بەرەو چەمی ئاوە سپی

- دووەمیـان کـە هێرشـێکی گـەورە بـوو بـەرەو رۆژهـەڵات و پێشـڕویلن کـرد بـەرەو چەممەکـە ، وە لـەم هێرشـەدا رژێـم پەلامـاری گونـدی ( وارانـێ ی ژوور و خـواروو یـان دا ) کـە نزیکـەی ١٢٠ کەسـیان لـێ دەسـتگیر کـردن کـە زۆربەیـان ژن و منـداڵ بـوون ، گوندەکانیـان سـوتاندن و تەختـی زەویـان کـردن (٢٨)

وە هێزە بەشداربووەکانی ئەم قۆڵە پێکهاتبوون لە لیوای ٦٥ ی هێزی تایبەت و دوو فەوجی بەرگری نیشتیمانی (٢٩)

- هێرشـی سـێیەمیان ناوچـەی دوزخورماتـووی گرتـەوە کـە تێیـدا هێرشـکرایە سـەر گونـدی تازەشـار کـە پێکهاتبـوو لـە ٢٠ مـاڵ کـە ئـەم گونـدە بـە دووری ١٢ میـل دەکەوێتـە سـەر ڕێـگای سـتراتیژی نێـوان دوزخورماتـوو و قادرکـەرەم کـە بنکەیەکـی یەکێتـی نیشـتیمانی کوردسـتانی لێبـوو ، رژێـم لـەم شـاڵاوەدا ناوچەکـەی بـە چەکـی قـورس و تانـک و بـە بەکارهێنانـی چەکـی کیمیـاوی بۆردومانکـرد لـە بەرامبـەردا هێـزی پێشـمەرگە بـە تونـدی بەرگریـان کـرد ، بـەڵام بەکارهێنانـی چەکـی کیمیـای لـە ناوچەکـە کۆتایـی بـەو بەرگرییـە هێنـا .

لـە ئەنجامـی ئـەم هێرشـەدا گوندەکانـی کانـی قـادری سـەروو و خـوارو و ئاوایـی شـێخ حەمیـد وێـران کـران جگـە لـە چەندیـن گونـد کـە سـوپای رژێـم وێرانیـان کـرد و دانیشـتوانەکانیان بێسـەر و شـوێن کـرد .(٣٠)

١. پەلاماری دووەم / قادرکەرەم و باکوری گەرمیان

ئـەم پەلامارەیـان لـە ٩/نیسـان دەسـتی پێکـرد هێزەکانـی رژێـم لـە کەرکـوک و چەمچەمـاڵ و لەیلانـەوە دەرچـوون و لـە هەمـوو لایەکـەوە بـەرەو شـارۆچکەی قادرکـەرەم پێشـڕەیان کـرد و بـە سەرپەرشـتی عەمیـدی هێـزی تایبـەت (بـارق عبداالـە حنگـە ) بـوو وە هێرشـەکە رۆژی ١٠ی نیسـان گەیشـتنە قادرکـەرم و سـەرجەم گوندەکانیـان خاپـور کـرد و خەڵکەکەشـی دوای تەسـلیم بونیـان بـە ڕژێـم شـوێن بزرکـران (٣١)

٢. پەلاماری سێیەم / سەنگاو و باشوری گەرمیان

لـە درێـژەی هێرشـەکاندا بـۆ سـەر ناوچەکانـی گەرمیـان ، سـوپای رژێـم لـە قۆڵـی سـەنگاو و باشـوری گەرمیـان دەسـتیان کـردە پێشـڕەوی و جـوڵان بـۆ بەدەسـتهێنانی ئامانجـی تـەواوی شـاڵاوەکە ، ناوچـەی سـەنگاو و ٩٣ گونـدی لـە خۆگرتـووە (٣٢) هێـزی یەکەمـی پەلامارەکـە لـە شـارۆچکەی کفریـەوە لـە ٩/نیسـان کەوتـە ڕێ لـە هەمـان رۆژدا ڕەتلەکانـی تـر لـە کـەلار و پێبـاز و پونگەڵـەوە کەوتـەڕێ

سـتراتیجیەتی سەرەکیشـیان بریتـی بـوو لـە ئابلوقەدانـی گـەورە و فـراوان لـە چەندیـن لاوە و دەسـتکردن بـە کۆمەڵگرتنـی تـەواوی خەڵکەکـەی کـە دەورەیـان داون و روخاندنـی گوندەکانیـان وەکـو کۆکردنـەوەی خەڵکەکـە بـۆ شـوێنە دیـاری کـراوەکان (٣٣)

لـە هەمـان کاتـدا لـە ١١/مانگـدا هێـزی هاوبەشـی دووەم بـە سەرپەرشـتی نەقیـب عـواد سـەر بـە فرقـەی پیـادەی ٤١٧ ڕووی کـردە گونـدی دوراجـی و دانیشـتوانەکەی بـۆ ئۆردوگایەکـی نزیـک فیرقەکـە گوێزرایـەوە ، پاشـان هـەردوو گونـدی بەڵەکـەی گـەورە و بچوکیـان سـوتاند(٣٤)

ئـەم هێرشـەی قۆناغـی سـێیەم لـە رۆژی ١٩٨٨/٤/٢٠ کۆتایـی هـات و یـەک گونـد لـە گەرمیانـدا بـە پێـوە نەمـا و هەمـووی خاپورکـران ، خەڵکەکەشـی بـە زۆری لـە قـادر کـەرەم کۆکرانـەوە و پاشـان دوای پێشـاندانیان لـە تەلەفیزۆنەکانـی ڕژێمـەوە بـۆ چەنـد رۆژێـک لـە ڕێـگای شـۆڕش -چەمچەمـاڵ ڕەوانـەی تۆبـزاوای کـردن .

لـە ئەنجامـی قۆناغـی سـێیەمی ئەنفالـدا نزیکـەی ٥٠٠ گونـدی گەرمیـان وێـران کـران کـە زیاتـر لـە ٣٠٠٠٠ سـی هـەزار گەنـج و ژن و منـداڵ و پیـری بێسـەر وشـوێن کـرد .(٣٥)

قۆناغی چوارەمی ئەنفال: ٥/٣ - ١٩٨٨/٥/١٥ دۆڵی زێی بچووک

پـاش تەواوبوونـی قۆناغـی سـێیەمی ئەنفـال ورەی سـوپای ڕژێمـی عێـراق  بـەرز بـوو بەهـۆی سـەرکەوتنی لـە قۆناغـەکان (یـەک و دوو و سـێ) ی ئەنفالـدا و هێرشـەکان دەسـتی پێکـرد بۆسـەر ناوچەکانـی (ئاغجەلـەر, ناوشـوان,چەمی ڕێزان,تـەق تـەق) وە چەنـد گوندێکـی باخـداری وەک عەسـکەر و گۆپتەپـە وە دەشـتی کۆیـە دەوڵەمەنـد بـە نـەوت . لـە سـنووری هەرسـێ پارێـزگای هەولێر,سلێمانی, کەرکـوک وە ئـەم هێرشـەش بـە کیمابارانکردنـی گونـدی گۆپتەپـە دەسـتی پێکـرد کـە ٣٠٠ -٥٠٠ مـاڵ بـوو وە لـە کاتژمێـر ٥:٤٠ دەقیقـەی ئێـوارە کـە ١٣-ڕەمـەزان بـوو پێـش ڕۆژوو شـکاندن , شـەش فڕۆکـەی جـۆری مێـک لـە ١٩٨٨/٥/٣ هەڵیـان کوتایـە سـەر گونـدی گۆپتەپـە و کیمیابارانیـان کـردوو پاشـان گونـدی عەسکەریشـیان کیمیـا بـاران کـرد(٣٦).

ئـەم گونـدە ئـەو کاتـی بـارەگای یەکـی P.U.K لـێ بـوو کـە لـە گەرمیـان پاشەکشـەیان کردبوو,بۆیـە کەوتنـە یارمەتیدانـی بەرکەوتوانـی چەکـی کیمیـاوی هەرچەنـدە لەگـەڵ یەکـەم بۆمبیـدا ٩ کەسـیان شـەهیدبوون لـە گونـدی عەسـکەر کـە نزیکەی ٣٠٠ کـەس لـە خەڵکـی گوندەکـە لەناوچـوون کـە بـە دووەم هێرشـی زیانبەخشـی کیمیـاوی دادەنرێـت دوای هەڵەبجـە(٣٧) دواتـر سـەرلەبەیانی لـەرۆژی چـواری مایـس ڕژێـم هێرشـی زەمینیـان دەسـتپێکرد لە هەمـوو لایەکـەوە وە گونـدی گۆپتەپەیان وێـران کـرد وە بـە فەرماندەیـی لـواء  رکـن (سـوڵتان هاشـم) وە بەشـێک لـەو هێزانـە لـە ناوچـەی چەمچەمـاڵ و تەکیـەوە بـەرەو ناحیـەی ئاغجەلـەر کەوتنـە ڕێ (ئـەم ناحیەیـە سـاڵێک لـەوەو پێـش ڕوخابـوو) پاشـان هێرشـێکی تـر لـە سوسـێوە بـەرەو سورقاوشـان کەوتـە ڕێ و وە هێرشـێکی دیکـە لـە تەقتەقـەوە بـۆ گوندەکانـی لێـواری زێـی بچـووک وە شـێخ بزێنـی و گۆپتەپـە(٣٨)

وە هێزێکـی دیکـە بـەرەو گوندەکانـی نزیـک قـەزای کۆیـە بەرێکـەوت وە هەندێـک لـە خەڵکـی ئـەم ناوچانـە بـەرەو شـەقامی چەمچەماڵ-سلێمانی وە هەندێکیـان بـۆ باینجـان و تەکیـە بەرێکەوتـن وە بەشـێکی زۆری ناوچەکـە بـەرەو تەقتـەق

بەڕێکەوتـن وە لـەوێ دەسـتگیرکران(٣٩)

وە سـەرجەم گوندەکانـی ئـەم ناوچەیـە خاپوورکـران کـە تەنهـا لـە ناحیـەی ئاغجەلـەر ٦٧ گونـدی تێدابـوو وە نزیکـەی ٧٢٠١ کـەس ئەنفـال کـرا لەکـۆی ١٤٨٦٤ کـەس کـە تێیـدا دەژیـا

قۆناغەکانی پێنجەم و شەشەم و حەوتەمی ئەنفال :

١٩٨٨/٥/٢٦-١٩٨٨/٥/١٥

قۆناغەکانـی پێنجـەم و شەشـەم و حەوتەمـی شـاڵاوی ئەنفـال لـە ١٩٨٨/٥/١٥ تـا ١٩٨٨/٥/٢٦ لـە ناوچەکانـی (بالیسان,شـەقڵاوە,هێران,نازەنین,حیزوب,چیـای باواچی,بەشـێک لـە گوندەکانـی کۆیە,شـارۆچکەی دیبەگـە و شـارۆچکەی ئاڵتـون کۆپـری) ئەنجـام درا(٤٠).

شـاڵاوەکانی ئەنفالـی پێنجـەم لـە ١٩٨٨/٥/٢٣ لـە بالیسـان, هیـران و ناوچەکانـی دەوروبـەری دەسـتی پێکرد و تـا ١٩٨٨/٦/٧ ی خایانـد, شـاڵاوی ئەنفالـی شەشـەم و حەوتـەم لـە نێـوان هـەردوو مانگـی حـەوت و هەشـت بـەرەو شەقڵاوە,خۆشـناو,ڕەواندز درێژبویـەوە و ناوچەکانـی سـێ قۆڵـی و دۆڵـی ئالانـەو بالیسـانی گرتـەوە پاشـان بـەرەو زەوییـە تەختەکانـی ڕۆژئـاوای شـاری هەولێـر درێژبویەوە(٤١)

بـۆ ئەنجامدانـی ئـەم سـێ قۆناغـەی شـاڵاوەکانی تاوانـی ئەنفـال (٥-٦-٧) فەیلەقـی پێنجـی سـەربازی ڕاسـپێردرابوو لەگـەڵ چەندیـن یەکـەی تـری سـەربازی و هەواڵگیـری و ئەمنـی بـە سـەرکردایەتی عەمیـدی روکـن (یونـس محمـد ال زەرب). سـەرەتای ئـەم پەلامـارەش هـەروەک سـەرجەم ئـەم پەلامارەکانـی تـری ڕژێـم بـە هێرشـی کیمیایـی دەسـتیپێکرد، ئـەم پەلامـارەش بـە دەسـتپێکی قۆناغـی پێنجـی پرۆسـەی ئەنفـال دادەنرێـت, قۆناغـی پێنجـی ئەنفـال لـە ڕۆژی ٦/٧ کۆتاییپێهـات و ڕژێـم کەوتـە خۆئامـادە کـردن بـۆ جێبەجـێ کردنـی پلانەکانـی پـاش ئـەو کـە دەکاتـی قۆناغـی شەشـەم و حەوتـەم بـۆ و ناوچەکانـی بالیسـان و ئالانـە ئاڕاسـتەکرا کـە بەپێـی نامەیەکـی نهێنـی بـە ژمـارە (١٤٧٥) کـە لـە ١٩٨٨/٦/٧ نوسرابـوو, بـەڵام ڕژێـم بڕیـاری کاتـی ڕاگرتنـی ئـەم هێرشـەیدا بەهـۆی بەرگـری تونـدی پێشـمەرگەکان لـە چیـای کـۆڕەک و سـەردانکردنی خوالێخۆشـبوو جـلال تاڵەبانـی بـۆ واشـنتن وە ئاگادارکردنـەوەی کاربەدەسـتانی ئەمریـکا لـە پەلامارەکانـی ڕژێـم بۆسـەر کـوردەکان بـە چەکـی کیمیـاوی, وە هەروەهـا بـە هـۆی ئـەوەی لـە ١٧ی تەمـووزی ١٩٨٨ (علـی خامنەیـی) سـەرۆک کۆمـاری ئێـران (خافێـر پێریـس دیکویـلاری) سـکرتێری ئەوکاتـەی نەتـەوە یەکگرتووەکانـی ئاگادارکـردەوە کـە وڵاتەکـەی بـە نیـازە بڕیـاری (٥٩٨) ی ئەنجوومەنـی ئاسایشـی نەتـەوە یەکگرتـووەکان قبـووڵ بـکات(٤٢) . دوابـەدوای بڕیارەکـە لـە ٢٦ ی تەمـووزدا فەرمانـدەی هیچزەکانـی پێشـمەرگە بڕیـاری کشـانەوەی دا, ئەبـوو ڕژێـم جارێکـی تـر بـە کیمیابارانکردنـی گوندەکانـی (بالیسـان و بالـوکاوە و خەتـێ) هێرشـی دەسـتپێکرد وە بـووە هـۆی شـەهیدکردنی ٢٢٧ کەسـە مەدەنـی کـە زۆربەیـان منـداڵ و گەنـج و بەسـاڵاچوو بـوون(٤٣)

هەروەهـا زۆرێـک لـە خەڵکـی ناوچەکـە پەنایـان بـردە کێـوەکان و زۆریشـیان خۆیانـدا بەدەسـت هێزەکانـی جاشـەوە, ڕژێـم لـە ڕۆژی ٨/٢٦ توانـی سـەرجەم گوندەکانـی ئـەم دەڤـەرەش داگیربـکات و خەڵکێکـی زۆری ئـەم ناوچەیـە دەسـتگیربکات.

وە لەمیانـی شـاڵاوەکانی پێنـج و شـەش و حـەوت زیاتـر لـە ٥٢ گونـد لـە ناوچەکانـی خەلیفـان و ڕەوانـدز و خۆشـناو وێـران کـران کـە بەکـۆ سـەرجەم خێزانـەکان (٢٦٠٢) خێـزان بـوون و (٥٢) مزگـەوت و ٢٤ قوتابخانـەی ئـەم گوندانـە وێـران کـران ، ئەمـە جگـە لـە لەناوبـردن و کوێرکردنـەوەی سـەدان سـەرچاوەی ئـاو و کانـی و جۆگـە و سـوتاندنی سـەدان ڕەز و باغـی ناوچەکـە کـە بـوە هـۆی روخانـی ژێرخانـی ئابـوری ئـەم ناوچەیـە (٤٤)

ئـەوەی شـایەنی باسـە لـە دوای رووخاندنـی ڕژێمـی بەعـس لـە ٢٠٠٣ وە لـە کاتـی کردنـەوەی دۆسـیەی ئەنفـال لـە دادگای

بـاڵای تاوانەکانـی عێـراق وەک یەکێـک لـە دۆسـیەی تاوانـە گـەورەکان ، قۆناغـی پێنـج و شـەش و حەوتـی تاوانەکـە بـە فەرمـی وەک تاوانـی جینۆسـاید ، تاوانـی دژی مرۆڤایەتـی ، تاوانـی جەنـگ بڕیـاری لـە بـارەوەدرا و چەسـپێنرا .

قۆناغی هەشتەم : بادینان ١٩٨٨/٨/٢٥ بۆ ١٩٨٨/٩/٦

قۆناغـی هەشـتەم و کۆتایـی شـاڵاوی تاوانـی ئەنفـال ، لـە ناوچـەی بادینـان لـە ١٩٨٨/٨/٢٥ تـا ١٩٨٨/٩/٦ ئەنجـام درا هـاوکات بـوو لەگـەڵ کۆتایـی هاتنـی شـەڕی چەنـد سـاڵەی (عێـراق -ئێـران ) و رژێمـی بەعـس و سـەرانی هەوڵیـان دا ئـەم دەرفەتـە بقۆزنـەوە وە بیکەنـە تەواوکـەری شـاڵاوەکانی تاوانەکانـی ئەنفـال وەک پرۆسـەی کۆمـەڵ کـوژی گەلـی کـورد .

سـوپای رژێـم توانیـان لـە ناوچەکـە دا ئەوپـەڕی هێـز لـە هەمـوو جۆرێـک چەکـی نوێـی قـورس و سـوک لـە هێـزی ئاسـمانی و پیـادە و تانـک و تۆپـی دوور هاوێـژ بەکاربهێنـێ سـەرەڕای بەکارهێنانـی چەکـی کیمیـاوی بەشـێوەیەکی زۆر قورسـتر لـە ناوچەکانـی تـر ، و ئـەو هێزانـەی کـە لـە بـەرەی جەنگـی ئێرانـدا بـوون بـۆ ئـەم هێرشـە پاشەکشـەیان پێکرابـوو ، بەمەشسـوپای رژێـم بـۆ ئـەم هێرشـە وزەی زۆر بـەرز بـوو *

وە ناوچـە بەرکەوتوەکانـی ئـەم قۆناغـی هەشـتەم ( بادینـان ) پێکهاتبـوون لـە هەندێـک لـە ناوچەکانـی پارێـزگای موصـڵ وەک ناحیـەی نەهلـە لـە قـەزای عەقـرە ، ناحیـەی (مریبـا و مـزوری ) لـە قـەزای شـێخان هەندێـک ناوچـە لـە پارێـزگای دهـۆک و ناوچەکانـی قـەزای زاخـۆ وەک ( درکام عجـم ، باتوفـا ، وە زۆربـەی گوندەکانـی ناوەنـدی قـەزای دهـۆک ، وەک کانـی ماسـی ، سەرسـەنگ .(٤٥) پەلامارەکانـی جێبەجێکردنـی نەخشـەی شـاڵاوەکە لـە کاتژمێـر (٢) ی دوانیـوەڕۆ ی ڕۆژی ١٩٨٨/٨/٢٣ دەسـتپێکرد.

سـەرەتای هێرشـەکە بـۆ چاوترسـاندنی خەڵکەکـە بـە کیمیابارانکـردن دەسـتپێکرد لـە گوندەکانـی دۆڵـی (نهێلیـا) درا کـە سـەر بـە شـارۆچکەی (دێرەلوکـە) وە ڕۆژی ١٩٨٨/٨/٢٥ گەورەتریـن هێرشـی کیمیـاوی کرایـە سـەر گوندەکانـی (شێروانە,دێنیاوە,سارێکی) وە بـۆ شەوەکەشـی ١٢ فڕۆکـە هـەردوو گونـدی ( ڕێکانـی و نێرەوەی) یـان کیمیابـاران کـرد.(٤٦) بەم شێوەیە زۆربەی ناوچەکانی بادینان بەشێوەی جیاواز کەوتنە بەر شاڵاوی کیمیاوی.

پاشـان هێزەکانـی ڕژێـم لەڕۆژی ١٩٨٨/٨/٢٨ هێرشـی زەمینـی دەسـتپێکرد وە ئـەم شـاڵاوە لـە ڕۆژئـاواوە لـە زاخـۆ تـا ئامێـدی درێژبـووەوە و لـە باشـور و ڕۆژهەڵاتیشـەوە شـێخان و ئاگرینـی گرتـەوە.

هـاوکات لەگـەڵ یەکـەم هێرشـدا سـوپای ڕژێـم شـاڕێی سـنووری زاخـۆ کـە بـەرەو ڕۆژهـەڵات دەچـێ تـا سـەر زێـی گـەورە لـە بالـۆرەکاو دەسـتی بەسـەردا گـرت بـۆ ڕێگـری لـە شـاڵاوی کۆچـی خەڵکـی ناوچـەکان هەرچەنـدە خەڵکێکـی زۆر پەڕینـەوە و چونـە ئەودیـوو سـنووری تورکیـا.(٤٧)

پاشـان هێـزی پیـادە بـە هـاوکاری کەتیبـەی هێـزی تایبەتـی فەیلەقـی شـەش و چەنـد هێزێکـی تـر هێرشـیان کـردە سـەر ناوچەکانـی (سەرسـەنگ) کـە زیاتـر لـە (٢٢) گونـد کەوتنـە دارسـتانەکانی ناوچەکـە بـەڵام بەهـۆی نەبوونـی خـۆراک و ئـاو زۆرێکیـان گیانیـان لەدەسـتدا.(٤٨)

هەندێکیشـیان ڕوویـان کـردە سـنوری تورکیـا و هەندێکـی تریـان خۆیـان ڕادەسـتی هێزەکانـی ڕژێـم کـرد و چارەنوسـیان نادیـارە.

وە بـۆ سـەلماندنی دڕندەیـی تاوانەکانـی ڕژێـم لـە قۆناغـەی هەشـتەم و کۆتایی شـالچاوەکانی ئەنفـال دادگای بـاڵای تاوانەکانی عێـڕاق پشـتی بەسـێ بەڵگـەی گرنـگ بەسـتووە لەوانـە نوسراوێکـی ئەرکانـی سـوپای عێـڕاق بـە ژمـارە(١١٢٢) لـە ١٩٨٨/٨/٢١ کـە ناوەڕۆکەکـەی بـاس لـە ئامادەکردنـی (حسـێن ڕەشـید تکریتـی) بـووە لـە لایـەن (نـزار عبدالکریـم خەزرەجـی) واژووکراوە پاشـان دانپیانانـی تاوانبـارەکان دوای ئـەوەش ڕاپۆرتـی شـارەزایانی نێودەوڵەتـی, وە هەریـەک لـە (عەلـی حەسـەن مەجید,

سـەڵتان هاشـم,ئەحمەد حسێن ڕەشـید تكریتی,سـابیر عبدالعزیز,فەرحـان موتڵـەک جبوری,تاهیـر تۆفیـق ئەڵمانـی) دانیـان بـەوەدا نـاوە كـە بەشـداریان لـە ئەنجامدانـی تاوانەكـەدا بـە هەشـت قۆناغەكـەی كـردووە, لـە كۆتایشـدا قۆناغـی هەشـتەمی شـاڵاوەكانی ئەنفـال لەلایـەن دادگای بـاڵای تاوانەكانـی عێـراق وەک (تاوانـی جینۆسـاید,تاوانی دژی مرۆڤایەتی,تاوانـی جەنگ) لەگـەڵ حـەوت قۆناغەكـەی تـردا بەفەرمـی ناسـێنرا.(٤٩)

شەشەم : ئەنفال لە سیستمی فیقهی ئیسلامیدا :

وە ك گوتمـان ئـە نفـال نـاوی ئایـە تـی یـە كـە مـی سـوورە تـی هەشـتە مـی قورئانـە و لـە وێشـە وە كـراوە بـە نـاوی سـوورە تـە كـە ی ئایـە تـە كـە خـوی بـە م شـیوە یـە بـە ( یسـألُونَكَ عَـنِ الْأَنفَـالِ قُـلِ الْأَنفَـالُ للـه وَالرَّسُـولِ فَاتَّقُـوا اللـه وَأَصْلِحُـوا ذَاتَ بَيْنَكُمْ وَأَطِيعُـوا اللـه وَرَسُـولَه إِن كُنتُـم مُؤمنـين ) (٥٠) . واتـە : پرسـیارت لیـدە كـە ن سـە بـارە ت بـە ئـە نفـال بڵـی ئـە نفـال ەی خـوا و پێغـە مبـە رە كـە واتـە لـە خـوا بترسـن و نێوانـی خوتـان چـارە سـە ر بكـە ن و گوێڕایـە ڵـی خـوا و پیغـە مبـە رە كـە ی بـن ئـە گـە ر لـە راسـتیدا بـروادران

ئـە م ئایـە تـە لـە نـاو موفـە سیرە كانـدا قسـە و باسـی زۆری لێكـراوە بـە تایبـە تـی لـە و رووە وە كـە چ پەیـوە ندییەكـی بـە ئایـە تـە كانـی تـری قورئانـە وە هـە یـە واتـە ئـە و ئایەتانـە ی باسـی موڵـك و مـاڵ و دارایـی و دە سـتكە وتـی جـە نـگ دە كـە ن. هـە ندێـك پێیـان وایـە ئـە م ئایـە تـە بـە ئایـە تـی چـل و یـە كـی هـە مـان سـورە ت نـە سـخ كـراوە تـە وە (٥١) كـە ئـە ڵبـە تـە بـە سـەرنجدان لـە مـە رجـە كانـی نـە سخ ئـە م بـۆ چوونـە هەڵەیـە یـە چونكـە موفـە سـیر یـان فـە قیـە لـە كاتێكـدا پـە نـا دە باتـە بـە ر نـە سخ كـە نـە توانیـت چـە مكـی دوو ئایـە ت پێكـە وە گـرێ بـدات لـە حاڵێكـدا بـە لای زوربـە ی زانایانـە وە دە گونجێـت ئایـە تـی ئەنفـال و ئایەتـی غەنیمـەت بـە دوو ئایەتـی هاومەبەسـت دابنرێـن و تەنهـا جیاوازییـان لـەوەدا بێـت كـە ئایەتـی یەكـەم بڕیارێكـی گـوشراو و تێكڕایـی (مجمـل)ەو ئایەتـی دووەم ئـەو بڕیـارەی ورد كردووەتـەوە واتـە (تفصیـل)ی پێـداوە)». لای هەنـدێ زانـا شـەڕ دەسـتی موسـڵمانان دەكەوێـت (٥٢) وەكـو بڵێیـت خەڵكـی پرسـیاری ئەوەیـان لـە پێغەمبـەر (درووودی خـوای لەسـەر) كردبێـت، كـە كـەژ و كێـو و شـیوو و دۆڵ و ڕووبـار و ئـەو شـوێنانەی خاوەنیـان دیـار نییـە یـان ئـاوەدان نەكـراون و ئـەو زەویانـەی ئاودێـری و كشـتیان لێنەكـراوە، ، چ بڕیارێكیـان لەسـەرە؟ و لـە ئەنجامـدا پێویسـتە چـۆن بەهرەیـان لـێ وەربگیرێـت؟

كەواتە ئەنفال بەكورتی سێ چەمک هەڵدەگرێت:

١-چەمكی « دەسكەوتی جەنگ، وەكو بۆچوونی زۆربەی ئەهلی سوننەت و جەماعەت.

-٢ چەمكی فیئ وەك بۆچوونی زانایانی شیعە.

-٣ چەمكێكـی فراوانـتر لـە غەنیمـەت و فەیـئ، واتـە هـەر ئیمكاناتێـک كـە مسـوڵمانان لـە دوژمنەكانیانـەوە بێتـە دەسـتیان،بەجەنگ بێـت یـان بەبـێ جەنـگ وەكـو د. نەزیـە حەمـماد ئامـاژەی پێـدەكات (٥٣)

ئمونەیەک لە بەڵگەنامەكانی تاوانی ئەنفال

بڕیاری ٤٠٠٨

ژمارە ٨٠٠٤/٢٨

بەروار١٩٨٧/٦/٢٠

لە سەركردایەتی نوسینگەی سكرتارییەتی رێكخستنی باكورەوە

بۆ/ قیادەی فەیلەقی یەک، قیادەی فەیلەقی دوو، قیادەی فەیلەقی پێنج

لەبـەر ئـەوەی مـاوەی رەسـمی بـۆ كـۆكردنەوەی ئـەو گوونـدانە لـە بـەرواری ٢١ی حـوزەیران ١٩٨٧ كۆتایەـاتوە،

بڕیارمانـــدا لـە رۆژی ٢٢ی حوزەیرانـی ١٩٨٧ دەسـتبەکاربین بـەم شـێوەیەیی خـوارەوە:

١ -هەمـوو گوونـدەکان لەمـەودوا بـە ناوچـەی قەدەغەکـراو دادەنرێـن لـە رووی ئەمنیـیەوە، کـە هەتـا ئێسـتا شـوێنی بـە کرێگیـراوی ئێـران و تێکـدەران و خائیـن زادەو نموونەکانیانـن کـە خیانەتکارانـی عێراقـن.

٢. -بـە تـەواوی قەدەغەیـە خەڵـک و ئاژەڵـی تێدا بمێنێـت، ئـەم ناوچانـە بـە ناوچـەی قەدەغەکـراو دادەنرێـن و تەقەکـردن تیایانـدا ئـازادە بـێ مـەرج و بـێ تەعلیـمات، مەگـەر تەعلیماتـی تـر دەربچێـت لـە الیـەن بارەگاکەمانـەوە

٣. -هـاتوچۆ لەوێـوە بـۆ ئێـرەو لێـرەوە بـۆ ئەوێ یـان کشـت و کـاڵ و تـۆوکردن و پیشەسـازی و ئاژەڵـداری قەدەغەن و لە سـەردەزگا پەیوەندیـدارەکان پێویسـتە بـە دواداچوونـی جددییـان لـەم بـارەوە هەبێـت و هەریەکـەو بـە پێـی تایبەتمەنـدی خـۆی

٤. -سـەرۆکایەتی فەیلەقـەکان لێدانـی تایبـەت ئامادەبکـەن، نـاو بەنـاو بـە تـۆپ و فڕۆکـەو سـەمتی و کـۆپتەر لـە هەمـوو کاتێکـدا بـە شـەوو بـە رۆژ بخەنـکار بـۆ کوشـتنی گەورەتریـن ژمـارە لـەو کەسـانەی کـە لـە شـوێنە قەدەغەکراوەکانـدان و ئاگادارمـان بکەنـەوە

٥ -حجزکردنی هەموو ئەو کەسـانەی کە دەسـتگیردەکرێن لە گوونـدەکانی ئەو ناوچـانە، لێکۆڵینەوەیـان لە گەڵ دەکرێـت لەالیەن دەزگـا ئەمنییەکـانەوەو حـوکمی سـێدارەیان بەسـەردا جێبەجێـدەکرێت، ئەوانەی کە تەمەنیـان لە ١٥ سـاڵ زیـاترە هەتـا ٧ سـاڵ، دوای سـوود وەرگرتـن لـەو زانیاریانەی پێیەتـی وە ئاگادارمـان بکەنەوە.

٦ -دەزگا پەیوەندیـدارەکان هەڵدەسـتن بـە لێکۆڵینـەوە لـە گـەڵ ئەوانەی خۆیان بە دەسـتەوە دەدەن لە دەزگـا حکومییەکـان و حزبیەکانـدا بۆ مـاوەیەک کە ئەو پەڕی ٣ هەتـا ١ رۆژبێـت، دەبێـت لەو حاڵەتـانە ئاگـادار بکـرێینەوە، ئەگەر مـاوەکە پێویسـتی کـرد لـەو مـاوەیە زیادبکرێـت ئـەوا دەبێـت بـە تەلەفـۆن یـان برووسـکە رەزامەنـدی ئێمـە وەربگـرن، لـە رێـی هەڤـاڵ "تـاەر ئەلعانـی" یـەوە

٧. -هەموو ئەو شت و مەکانەی کەوا فەوجەکـانی دیفـاع وەتەنـی و جەنگاوەرەکانیـان دەسـتیان دەکەوێـت بـۆ خۆیـان دەبێت تەنهـا چەکە قورسـەکان و چەکـی ئەسـنادو چەکـی مـام ناوەنـدی نەبێـت چەکە سـووکەکان بۆخۆیـان دەبێـت، ئـێمەی لێئاگـادار بـکەنەوەو تەنهـا ژمارەکانیـان تۆمـار بکـەن. پێویسـتە لـە سـەر فەرمانـدەی جەحافلـەکان چاالک بـن بـۆ ئاگادارکردنـەوەی هەمـوو مووستەشـارەکان و فەرماندەی سـرییەکانیان و مەفرەزەکانیـان، وە بـەوردی ئـێمە ئاگـادار بکـرێینەوە لە چاالکییەکـانی فەوجەکـانی دیفـاع وەتەنـی. سـەرۆکایەتی مەجلیسی تەشریعی، سەرۆکایەتی مەجلیسـی تەنفیـزی، دەزگـای زانیـاری، سـەرۆکایەتی ئەرکـانی سـووپا، پارێزگارەکـان، سـەرۆکەکانی لیژنە ئەمنییەکان "نەینەوا، دیالە، سـەاڵحەدین، سلێمانی، ئەربیـل، دهۆک، رازگری لقەکانـی ئـەو پارێزگایـانەی کە لەسـەرەوە ناویـان هاتـوە، بەڕێـوەبەرایەتی هەولگـری گشـتی سـەربازی گشـتی، بەڕێوەرایەتی ئەمنـی گشـتی، بەڕێوەبەری ئەمنـی نـاوچەی حکـومی زاتـی، بەێوەبەری ئەمنـی پارێزگاکانـی "نەینـەوا، تەمیـم، دیالـە، سـەڵاحەدین، سلێمانی، ئەربیـل، دهۆک". تکایـە بـۆ تێڕوانیـن و جێبەجێکـردن هەرکەسـەو بـە پێـی تایبەتمەندێتـی خـۆی.

ملخص

بـدون شـك ان جرائـم الابـادة الجماعيـة و الانفـال عـلى مسـتوى الفكـري والسـياسي والثقـافي والدينـي، و مـن الناحيـة الشرعيـة والقانونيـة  عليهـا خـلاف و نزاعـات ، فعـلى الرغـم مـن مـرور ٣٣ سـنة عـلى مراحـل جرائـم الابـادة الجماعيـة و انفـال الشـعب الكـردي عـلى يـد نظـام البعـث  لحـد يومنـا هـذا.    نـرى ان المؤسسـات و المنظـمات و المؤسسـات الاكاديميـة المختصـة فشـلوا

في تعريف تلك جرائم بطريقة مستحقة ، على الرغم من وجود محاولات فردية لكن ليس في مستوى تلك الجرائم ، لذا احاول من خلال هذا البحث ان القي الضوء على مجموعة من جوانب جريمة الانفال و الابادة الجماعية ،من خلال اقسام التالية : ويتناول القسم الأول مفهوم الإبادة الجماعية من الناحية اللغوية والقانونية، ويتناول القسم الثاني مفهوم الأنفال من الناحية اللغوية والشرعية والقانونية ويتناول القسم الثالث ظهور جريمة الإبادة الجماعية والاعتراف بها في القانون الدولي. وفي القسم الرابع سنركز على أبعاد الإبادة الكردية والأنفال في جوانبها الثلاثة الفلسفة الفكرية والسياسية والاجتماعية.

أما القسم الخامس فقد خصص لمراحل الأنفال والإبادة الكردية أما اقسم السادس والأخير فيتكون من مناقشة الأنفال من منظور الدين. مستنداً بالاية الكريمة : [يَسْأَلُونَكَ عَنِ الْأَنفَالِ ۖ قُلِ الْأَنفَالُ لِلَّهِ وَالرَّسُولِ ۖ فَاتَّقُوا اللَّهَ وَأَصْلِحُوا ذَاتَ بَيْنِكُمْ ۖ وَأَطِيعُوا اللَّهَ وَرَسُولَهُ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ]

الكلمات المفتاحية: كورد ، الإبادة الجماعية , الانفال ، الشريعة الاسلامية

پەراوێزەکان

١. د.مارف عومەر گوڵ، گۆڤاری کەرکوک ، ژمارە ٣/٢ ل ٢٤، ٢٠٠٠ز.

٢. د. هەڤاڵ ئەبوبەکر ، ئەنفال، جینۆسایدکردنی نەتەوەیەک لە بێدەنگیدا ، گۆڤاری هەشتاو هەشت ، ژمارە ٩-١٠ ،ل١١، ٢٠٠٨ ز

٣. سالار محمود ، رۆڵی پەرلەمان ، ل ٩ ، گۆران بابا علی ، ئەنفال جینۆسایدێک لە ئایندا بۆ ڕەوایەتی دەگەڕێت ، گۆڤاری ڕهەند ، ژمارە ٧ ، ل ١٤٨، ١٩٩٩ز

٤. گوڵ، هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل ٢٥

٥. د.ئەمیری حەسەن پور ، بەرەو تێگەیشتن و بەرەبەرەکانکردنی ئەنفال ، گۆڤاری ئەنفال ،سلێمانی ، ژمارە ١،ل١٠، ٢٠٠٠ ز

٦. وەکو لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە ( ووەبنا لە إسحاق و يعقوب نافلة ) , لسان العرب لابن منظور ،ج١, ل٦٧٠-٦٧٢

٧. البيضاوي , انوار التنزيل و اسرار التأويل , ٣٨٣/١ و د.سەباح بەرزنجی ، چەمکی ئەنفال لە فەرهەنگ و مێژووی ئیسلامدا ،ناوەندی ڕێنوێن ، چاپی یەکەم ،٢٠١٩، ل ١١

٨. د. نزية حماد , معجم المصطلحات الاقتصادية في لغة الفقهاء , ل ٢١٥، د.سەباح بەرزنجی ، هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل١٢

٩. محمد جواد مغنية , فقه الامام جعفر الصادق ، ١٣٠/٢

١٠. عبدالوهاب الكيالى ، موسوعه السياسه ، ج١، ط٣، ، المؤسسه العربيه للدراسات و النشر ، بيروت ، ١٩٩٠، ص١٦

١١. د.مارف عومەر گوڵ، جینۆسایدی گەلی کورد لەبەر رۆشنایی یاسای تازەی نێودەوڵەتیدا ، بڵاوکراوەی ئاراس ، هەولێر ، ٢٠١٠،ل٢٦.

١٢. عادل صديق على ، جینۆسایدی کورد لە عێراق ، چەمکی جینۆساید و پەرەسەندنی .

١٣. محمود ، رۆڵی پەرلەمان لە پرسە نیشتیمانیەکاندا ، هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل ١١

١٤. گوڵ، ئەنفال قۆناغێکە لە پراکتیک کردنی جینۆساید ، هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل ٢٩

١٥. تەها سلێمان/جینۆسایدی کوردستان/هەمان سەرچاوەی پێشوو ل١٠ و ١١ و دواتر, و ئاوارە حسین, ئەنفال و جینۆساید, کۆکردنەوەو ئامادە کردنی رحمان نەقشی ل٨٥

١٦. گوڵ- ئەنفال قۆناغێکە لە پراکتیک کردنی جینۆساید , هەمان سەرچاوەی پێشوو ل ٢٥

١٧. کامران گوڵپی ، ئەنفال و جینۆساید ، کۆکردنەوە و ئامادەکردن رحمان نەقشی ، ماڵپەڕی رێکخراوی چاودێری کورساید ، ٢٠١٦، ل١١

١٨. د.مارف عمر گوڵ،قۆنلغێک لە پراکتیک کردنی جینۆساید، هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل٢٩، و هەڤاڵ ابوبکر ، ئەنفال جینۆسایدکردنی نەتەوەیەک ، هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٣

١٩. زیاد عبدالرحمن, تۆنی مەرگ, ج١, تەورێز,١٩٩٥. ل٩٨

 گرنگی دۆڵی جافایەتی بۆ پێشمەرگە لە ئاست گرنگی بەغداد بوو بۆ حکومەت چونکە ئەم شوێنە لە هەرچوار لاوە بە شاخی سەخت دەورە دراوە و سەنگەرێکی نەریتی نموونەیی بوو بۆ پێشمەرگە و گرنگی دیکەی ستراتیجی هەبوو کە چەند میلێکی کەم کەوتبووە رۆژهەڵاتی بەنداوی دەریاچەی دووکان کە سەرچاوەیەکی گەورەی دابینکردنی کارەبایە بۆ شارەکانی کەرکوک و سلێمانی, بڕوانە یوسف دزەیی- ئەنفال و کارەسات, ئەنجام و رهەندەکانی, چاپی یەکەم/٢٠٠١,ل٢٥

٢٠. خلیل اسماعیل محمد, لێکجیاکردنەوەی شوێنی شاڵاوەکانی ئەنفال لە هەڵەبجەی کوردستان عێڕاق,ل٢٧٢.

٢١. بهەجەت رۆوف - بیرەوەری ئەنفال بەدناوی یەک-رۆژنامەی کوردستانی نوێ ژمارە ٤٥٥ لە ١٩٩٣/٨/٦, وە میدڵ ئیست وۆچ, جینۆساید لە عێراقدا ( پەلامارەکانی ئەنفال بۆ سەر کورد) چاپەمەنی خاک, ج١, سلێمانی ١٩٩٩ , ل١٩٧ لە ئینگلیزیەوە سیامەند فقی زادە.

٢٢. زیاد عبدالرحمن ، هەمان سەرچاوەی پێشوو ،ل ٨.

٢٣. د. خلیل اسماعیل محمد ، هەمان سەرچاوەی پێشوو ،ل ٢٧٣

٢٤. بهەجەت رەئوف ، ئەنفالی دوو لە ناوچەی قەرەداغ ، رۆژنامەی کوردستانی نوێ ، ژمارە ٤٦١ لە ١٩٩٢/٩/١٣

٢٥. زیاد عبدالرحمن ، هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٢٤ ، و یوسف دزەیی ، هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل١٠٠، رۆژنامەی ەاوکاری ، ژمارە ٩٥٣ لە ١٩٨٨/٤/٤

٢٦. یوسف دزەیی ، هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٥٣، د.خلیل اسماعیل محمد ، هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل ٢٧٣

٢٧. د.مارف عومەر گوڵ ، جینۆسایدی گەلی کورد ، چاپی یەکەم ، ل ٤٨

٢٨. زیاد عبدالرحمن ، هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل ٨.

٢٩. یوسف دزەیی ، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٤.

٣٠. میدل ئیست ۆوچ ، هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل ٢٨٤ و دواتر.

٣١. میدل ئیست ۆوچ ، هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل ٢٨٤ و دواتر.

٣٢. یوسف دزەیی ، هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٠٩.

٣٣. کەندال عبدالرحمن و ئەوانی تر ، گەلێکی پەژموده و نیشتمان پەرت (کورد و کوردستان ) ، وەرگێرانی لە عەرەبیەوە م. کۆمەیی ،سوید ، ٢٠٠٢ .

٣٤. یوسف دزەیی ، هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل ٢٦٧ و دواتر

٣٥. یوسف دزەیی ، هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل ٢٦٧ و دواتر

٣٦. د.خلیل اسماعیل محمد, هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل٢٧٤ وە میدل ئیست ۆوچ ، هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل ٦٢

٣٧. محمد رؤوف, رهەند و سۆسیۆلۆژیەکانی ئەنفال,لێکۆڵینەوەی دەرچوون, ٢٠٠٢, ل٦٣

٣٨. محمد رؤوف هەمان سەرچاوەی پێشوو

٣٩. یوسف دزەیی, هەمان سەرچاوەی پێشوو,ل١٢٠

٤٠. تە ها سلێمان,جینۆسایدی کوردستان,سەرچاوەی پێشوو,ل١٧٤

٤١. د.خلیل اسماعیل محمد, هەمان سەرچاوەی پێشوو,ل٢٧٤

⊠ لە بەشێک لە بەڵگەنامەکانی دادگای باڵای تاوەنەکانی عێراقدا هاتووە کاتێک لە بەرەبەیانی رۆژی ١٩٨٨/٥/١٥ خەڵکی ئەو ناوچانە کە ئاماژەمان پێدا خۆیان بۆ جەژن ئامادە دەکرد و هێرشی کیمیاوی یان کرایە سەر لەلایەن فرۆکەکانی عێراقەوە بەتایبەت گوندی (وەرێ) خۆشی و پێکەنینی جەژنیان لێبوو بە گریان و فرمێسک و شایەت حاڵێکیش لەبەردەم دادگا دەڵێت کاتێک چوینە ناو گوندی (وەرێ)وە بینمان هێشتا چێشت و خواردنەکانیان لەسەر ئاگردانە، هەر لەو شوێنەدا (٣٧) تەرممان لە گۆڕێکی بەکۆمەڵدا ناشت. بڕوانە/تەها خەلیل, هەمان سەرچاوەی پێشوو,ل٧٥

٤٢. میدل ئیست ۆوچ ، هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل ٣٤٨ بەدواوە.

⊠ بڕیاری ٥٩٨ ی ئەنجومەنی ئاسایش کە لە ١٩٨٧/٦/٢٠ دەرکراوە داوای دەستبەجێ ڕاگرتنی شەڕی نێوان عێراق و ئێرانی کرد لەژێر سەرپەرشتی نەتەوە یەکگرتوەکاندا.

٤٣. محمد ڕەنجاو-لەیادی کارەساتەمەی دۆڵی بالیسادا,کوردستانی نوێ ژمارە ٦٦٢ لە ١٩٩٤/٤/١٧

٤٤. یوسف دزەیی ، تاوانی ئەنفال بەرامبەر بە کورد ، گۆڤاری سەنتەری برایەتی ، ژمارە ٢٠٠١/١٩، ل ٤٢

*لواء ركن یونس محمد زەرب کە فەرماندەی فەیلەقی بوو کە سەرپەرشتیاری ئەم قۆناغەی ئەنفال بوو دەنوسێ ( وە زۆر بەرز بوو هەر لە سەرەتاوە بە روخساری سەربازەکانەوە دیاربوو ، بە تایبەتی لە دوای داتەپینی ئێران دوژمن و تێکشکاندنی لەو هێرشە سەرکەوتوانەدا کە بە شەڕی قارەمانانەی فاو دەستی پێکرد و تا شەڕی ( محمد رسول الله ) ی خایاند ، بڕوانە میدل ئێست وۆچ ، هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل ٤٣٨

٤٥. یوسف دزەیی ، هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٤٠ ، و مسعود میكائیل ، حقائق عن حملات الانفال و الحربات الكیمیاویە علی محافظتی الموصل و كركوك ، گۆڤاری ئەنفال ژمارە ١ ، ل ١١٨

٤٦. یوسف دزەیی, هەمان سەرچاوەی پێشوو,ل١٤٤

٤٧. میدل ئیست ۆوچ ، هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل ٤٦٢

٤٨. د.خلیل اسماعیل محمد, هەمان سەرچاوەی پێشوو,ل٢٧٣

٤٩. بڕوانە تەها سلێمان,هەمان سەرچاوەی پێشوو,ل١٧٩

٥٠. الانفال :١

٥١. الصابونی ، أیات الأحكام ،٦٦٧/١، د.سەباح بەرزنجی ، هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل٤٧

٥٢. فقه الامام جعفر الصادق ، ١٣٠/٢

٥٣. معجم المصطلحات الاقتصادیە . ود.سەباح بەرزنجی ، هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل٤٨

سەرچاوەكان :

قورئانی پیرۆز

أ. کتێبەکان

١. مارف عومەر گوڵ، جینۆسایدی گەلی کورد لەبەر رۆشنایی یاسای تازەی نێودەوڵەتیدا ، بڵاوکراوەی ئاراس ، هەولێر ، ٢٠١٠.

٢. عادل صدیق علی ، جینۆسایدی کورد لە عێراق ، چەمکی جینۆساید و پەرەسەندنی

٣. ئاوارە حسین, ئەنفال و جینۆساید, کۆکردنەوەو ئامادە کردنی ڕحمان نەقشی

٤. ابی جعفر محمد بن الحسن الگوسی ، المجلد الخامس ، النجف الاشرف ، مگبعه لبنان .

٥. بڕیاری ٥٩٨ ی ئەنجومەنی ئاسایش کە لە ١٩٨٧/٦/٢٠ دەرکراوە داوای دەستبەجێ ڕاگرتنی شەڕی نێوان عێراق و ئێرانی کرد لەژێر سەرپەرشتی نەتەوە یەکگرتووەکاندا.

٦. خلیل اسماعیل محمد, لێکجیاکردنەوەی شوێنی شاڵاوەکانی ئەنفال لە هەڵەبجەی کوردستان عێڕاق.

٧. مارف عومەر گوڵ ، جینۆسایدی گەلی کورد ، چاپی یەکەم ،

٨. زیاد عبدالرحمن, تۆنی مەرگ, ج١, تەورێز,١٩٩٥.

٩. عبدالوەاب الکیالی ، موسوعه السیاسه ، ج١، گ٣، ، المؤسسه العربیه للدراسات و النشر ، بیروت ، ١٩٩٠

١٠. کامران گوڵپی ، ئەنفال و جینۆساید ، کۆکردنەوە و ئامادەکردن رحمان نەقشی ، ماڵپەڕی رێکخراوی چاودێری کورساید ، ٢٠١٦،

١١. کەنداڵ عبدالرحمن و ئەوانی تر ، گەلێکی پەژموده و نیشتمان پەرت (کورد و کوردستان ) ، وەرگێرانی لە عەرەبیەوە م. کۆمەیی ،سوید ، ٢٠٠٢ .

١٢. محمد رؤوف, ڕهەند و سۆسیۆلۆژیەکانی ئەنفال,لێکۆڵینەوەی دەرچوون, ٢٠٠٢,

١٣. میدڵ ئیست وۆچ, جینۆساید لە عێڕاقدا ( پەلامارەکانی ئەنفال بۆ سەر کورد) چاپەمەنی خاک, ج١, سلێمانی ١٩٩٩ , لە ئینگلیزیەوە سیامەند فقی زادە.

١٤. یوسف دزەیی- ئەنفال و کارەسات, ئەنجام و ڕهەندەکانی, چاپی یەکەم/٢٠٠١,

١٥. ابن منظور , لسان العرب ، نشر ادب الحوزة ,١٤٠٥

١٦. القاضي ناصر الدين البيضاوي , انوار التنزيل و اسرار التأويل

١٧. محمد جواد مغنية ، فقه الامام جعفر الصادق ، دار التعارف للمطبوعات ، بيروت .

١٨. د.نزية حماد ، المصطلحات الاقتصادية في لغة الفقهاء ، الدار العالمية للكتاب الاسلامي ، ١٩٩٥.

ب رۆژنامە و گۆڤارەکان

١. د.مارف عومەر گوڵ، گۆڤاری کەرکوک ، ژمارە ٣/٢ ، ٢٠٠٠ز.

٢. د. هەڤاڵ ئەبوبەکر ، ئەنفال، جینۆسایدکردنی نەتەوەیەک لە بێدەنگیدا ، گۆڤاری هەشتاو هەشت ، ژمارە ٩-١٠ ، ٢٠٠٨

٣. گۆران بابا علی ، ئەنفال جینۆسایدێک لە ئایندا بۆ ڕەوایەتی دەگەڕێت ، گۆڤاری ڕهەند ، ژمارە ٧ ، ل ١٤٨، ١٩٩٩ز

٤. د.ئەمیری حەسەن پور ، بەرەو تێگەیشتن و بەرەبەرەکانکردنی ئەنفال ، گۆڤاری ئەنفال ،سلێمانی ، ژمارە ١،

٢٠٠٠ ز

٥. هێمن مەولود ، ئەنفال ، قرکردن جینۆساید ، گۆڤاری هەشتاو هەشت ، ژمارە ٨٠٧،

٦. بهەجەت رؤوف – بیرەوەری ئەنفال بەدناوی یەک-ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ژمارە ٤٥٥ لە ١٩٩٣/٨/٦,

٧. بهەجەت رەئوف ، ئەنفالی دوو لە ناوچەی قەرەداغ ، رۆژنامەی کوردستانی نوێ ، ژمارە ٤٦١ لە ١٩٩٢/٩/١٣

٨. محمد ڕەنجاو-لەیادی کارەساتەمەی دۆڵی بالیسادا,کوردستانی نوێ ژمارە ٦٦٢ لە ١٩٩٤/٤/١٧

٩. یوسف دزەیی ، تاوانی ئەنفال بەرامبەر بە کورد ، گۆڤاری سەنتەری برایەتی ، ژمارە ٢٠٠١/١٩،

١٠. مسعود میکائیل ، حقائق عن حملات الانفال و الچربات الكيمياويه على محافڤتی الموصل و کرکوک»گۆڤاری ئەنفال ژمارە ١

١١. لە ئەنفالی ئیسلامەوە بۆ ئەنفالی کورد, وهەاب شا محمد گۆڤاری هەشتاوهەشت ژمارە ٧-٢٠٠٧/٨ چاپخانەی ئاکام

١٢ د.نزيه حماد ، معجم المصگلحات الاقتصاديه فی لغه الفقهاء ، الدار العالميه للكتاب الاسلامی ، ١٩٩٥.

١٣. د.سەباح بەرزنجی ، چەمکی ئەنفال لە فەرهەنگ و مێژووی ئیسلامدا ،ناوەندی ڕێنوێن ، چاپی یەکەم ،٢٠١٩، ل ١٢